# ئەگەری لێدان. . . و
# ئەمریکا یان عێراق! سەدام یا بۆش!!

حەسەن سەیدباقی

کەسەیری ئەم ناونیشانەی سەرەوە بکەین، پرسیارو سەر سوڕمان لامان دروست دەبێت. بەڵام ئەمە بۆ ئەوەیە زیاتر ڕۆچینە ناو کێشەی لێدان و بە گیانێکی مرۆڤ دۆستانەو واقیعیانە بڕوانینە ڕوداوەکان، دوور لەسۆز و هەڵەشەیی. باری ئاڵۆزی ناوچەکەو لێدانی عێراق نزیك بووەتەوە، گەلی کورد و عێراق هیچ گومانێکیان لە دڕندەیی سەدام و کارە فاشیستەکانی نییە، بەڵام شەڕێکی کاول کار بە تەکنیگی نوێ وە ناوچەکە دەهەژێنێت. لە نێوان ڕژێمێکی خوێنڕێژی دیکاتۆرو هێزێکی پۆلیسی داپڵۆسێنەری جیهانی، کە هستریای شەڕ لەکەلەی بۆشی داوە، لەو باوەڕەدام هیچ مرۆڤێکی ئاقڵی ئەمریکی و عێراقی ئەو جەنگەو ئاکامەکانی ناوێت، بۆیە دەکرێ بڵێین، نا بۆ شەڕی کاولکاری، نا بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری سەدامی. گەر سەیر و گوێبیستی ووتەکان و چاوپێکەوتنەکانی بوش بین، وا هەس دەکەین کە ئەو سەرکردەیە لەبارێکی نا ئارامیدایە، دەڵێت " گەر چەك دانەماڵێت هێز بەکار دەهێنین. . ، گەلی ئەمریکی دەزانێت کە سەدام چەکی کۆکوژی هەیە" بەڵێ، ئایا کام چەك داماڵێت، ئایا گەلی ئەمریکی و دەسەڵاتەکەی ئاگاداری لێدانی هەڵەبجەو کیمیاباران نەبوو، چما ئەو کات بۆ شتێکی بۆ کورد نەکرد؟ دەڵێ" ئێمە ئازادیمان خۆش دەوێت، ئەوەی بەسەرماندا هات لە١١ی‌سبتەبەر. . " هەموو گەلانی دونیا ئازادییان خۆش دەوێت، بەتایبەت کورد و گەلی عێراقی. ئایا ڤێتنامیەکان ئازادیان خۆش نەدەویست، خەباتیان لەو پێناوەدا نەبوو؟، ئەمڕۆش کوردستان بەشێکی ئازادی بەدەست هێناوە، بۆ دەبێت هەڕەشە لەو ئازادییە بکرێت؟، لەسایی کارێکی نامرۆڤانەو تیرۆریستانەی کە دژی گەلی ئەمریکی کرا لە ١١ سبتەمبەر، بۆ بوجدەکەی گەلانی دونیا بیدەن، بۆ ئەو ڕۆژە نەبێتە ڕۆژی برایەتی نێو گەلان و چریکەی ئازادی بچرێت، گەلی کوردیش لەم نێوەدەدا، بەئازادی شاد بێت. نەك وەك ئەوەی کە ڕژێمی تورکی چاوی برسی لە کوردستان بڕیووە و چاوی بەو ئازادیەدا هەڵناییەت کە بەرقەرارە، وە ترسی ئەوە لەپێشە کە جارێکی تر کورد هەرزان فرۆش بکرێت، هەوەك ئەوەی دیمان کە (هێنری کیسنجەر) کردی، ئەمجارە تورك فرۆشمانکەن. پێم وایە هەرکوردێك لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە بێت، نارازیە بەم کارە، بۆیە ئێمەی کورد پێش هەرکەسی دیکە دەکرێت دژی شەڕو ئاکامەکانی بین، لەبەر ئەوەی ئێمە تاڵاوی زۆری شەڕوکاولکاریمان چەشتووە. بۆش باس لە ٣هەزار کوژراو تێکشکاندنی ئابووریان دەکات، ئایا بۆ دەبێ گەلی عێراقی بارمتەکەی بدات، زۆر جار دەڵێت ئێمە شەڕمان ناوێت، بەڵام لەوەڵامێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت "ئێمە سەرکەوتووین" لەبەر ئەوەی نارەزایی زۆر هەیە دژی شەڕ، تا ڕادەی ئەوەی گەلی ئەمریکیش هەمان هەڵوێستی مرۆڤانە و دژە شەڕیان هەیە، کەچی سەرۆك بۆش دەڵێت " ئەوەی پەیوندی بەئاسایشی گەلی ئەمریکییەوە هەبێت، پێویسمان بە چاوەڕوانی و ڕەزامەندی کەسی تر نییە" ئەمە بۆ خۆی بڕیاری جەنگە! باس لە گۆڕینی سەدام دەکات، بەڵام لە جەنگی کەنداودا کە دوا ڕۆژەکانی ئەو فاشیستە

نزيك بوو بوويەوە، نەك هەر هاوكار نەبوو، ئامادەش نەبوو ڕێگە خۆشكات بۆ ڕمانی (بانێكەو وو هەوا) ! دیسان لەجەنگی ڤێتنامدا بەڵێنی گۆڕینی نیزامیدا، نزیکەی ٥٠هەزار ئەمریکی دا بەکوشت بەڵام هیچی نەکرد، کە تا ئێستاش خێزانی کوژراوەکان چاوەڕوانن. ئەدی لە عێراقدا دەبێت چ کارەساتێکی مرۆیی ڕوبدات، پێم وایە نە سەدام نە بۆش دۆست نین بۆ گەلانی عێراقی، ئەمەش شانۆیەکی سیاسیە بۆ کۆنترۆڵ کتی ناوچەکە لەلایەن ئەمریکاوە، پاشان پەلاماردانی ئێران و سوریاو گۆڕینی نەخشەو پلانەکانیان.

ئەوەی بۆ کورد گرنگە، دەکرێ یەکگرتوو، یەك خیتاب بێت، بەڵام ئەوەی جێگەی گومانە، خۆپیشاندانەکان لە ناوچەی سلێمانی قەدەغەیە، بەو هیوای شتی شاراوەی پشت پەردە لە ئارادا نەبێت و گەلی کوردیش توشی ڕەنجە ڕۆیی و نەهامەتی نەبێت و ئەو ئەزموون و دەستکەوتەی هەیە بە فیڕۆ نەڕوات.

ئەڵمانیا

ئازاری ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت